# بۆبەرگرتن بە سەرکوتکردنی ئازادی,دژبە پرۆژە یاسای "ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوەگشتیەکان" وەرنە مەیدان

لەدرێژەی هەوڵ و هەنگاوە یەك لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ سەرکوتکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە هێرشێکی دیکە بەڕێوەیە،کە نەخشەکەی لە چوارچێوەی پڕۆژەیاسایەکدا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە نوسراوەتەوە و خراوەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی بە یاساییکردنی ئەویش ( پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوە گشتییەکان )ە .

بە پێی بڕگەکانی ئەو پڕۆژە یاسایە سەرەتاترین مافی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانیان و دەبرینی ناڕەزایەتیەکانیان بە خۆپیشاندان و کۆبونەوە زەوتدەکرێت ,ئەمە لەکاتێکدایە کەدەسەڵاتدارانی کوردستان ڕۆژانە بانگەشەی فەراهەمکردنی دیموکراسی و ئازادی دەکەن بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە ئەمەلەلایەك, لەلایەکی دیکەوە ڕۆژدوای ڕۆژ سەرقاڵی هەرەشەو دانانی یاسان بۆ سەرکوتی خەڵکانی ئازادیخوازو نارازی لەخراپی گوزەران و ئایندەیان وە بەهەمان ئەوبیانوە سواوانەی دەسەڵاتدارانی کوردستان کە هەمیشە بۆبەرگرتن بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دەیڵێنەوە بە نمونەی وەك ( پاراستنی سیستم و ئادابی گشتی ) هیچ کەس ولایەنێك مافی کۆبونەوە و خۆپیشاندانی نابێت تا جەنابی وەزیر دڵنیا نەکاتەوە کە کارەکەیان لەگەڵ بیری ئەودا تەبایە؟! ئەمە جگەلەوەی خودی کەسانی بەشداربو لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا دەکرێنە بەرپرسی ئەمنیەتی خۆیان و وەختێك خۆپیشاندان و کۆبونەوەکان کەوتنە بەردەم هێرشی هێزەکانی ناوخۆ روبەروی ئازارو مەرگیشبونەوە دیارنیە لێپێچینەوە لەگەڵ کێ دەکرێت و سزاکەی چییە؟؟!. لەکاتێکدا ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان یەکێکەلەبەڵگەکانی بونی ئازادیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا .

پڕۆژە یاسای لەو جۆرە بێجگەلەوەی راستەوخۆ ئازادی خۆپیشاندان و کۆبونەوە زیندەبەچاڵ دەکات لەهەمانکاتدا دەستی هێزەکانی دەسەڵات ئاوەڵادەکات بۆ پەلامار و بلاٚوە پێکردنی خۆپیشاندەران وە سزاو بەرپرسیاریەتەکەشی ئەخرێتە ئەستۆی ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە،بەوەی کە دەبێت گیانی خۆیان بکەنە بارمتەی ڕونەدانی هەر لادانێك لەوەی کە دەسەڵات تەنگەتاو سەغڵە بکات ،کە ڕەنگە دەسەڵات خۆی زۆرجار دەستی هەبێت لەو کارەدا تا کەسێك نەوێرێت داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان یان مانگرتن بکات کە بۆخۆی داواکردنی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان و کۆبونەوە لەگەڵ هیچ پێوەرێکی دنیای مەدەنی و مۆدێرندا نایەتەوە ،لەمانەش سەمەرەتر ئەوەیە کە مانگرتن و کۆبونەوەکان تا بەرلەخۆراوابون بەردەوامیان هەبێت کەئەمەش پێشێلکردنی مافی خەڵکی نارازیە لەچۆنیەتی دیاریکردنی شێوازی بەدەستهێنانی ماف و داواکاریەکانیان.

بەلاٚم مانگرتن، خۆپیشاندان، کۆبونەوەی گشتی مافێکی سەرەتایی خەڵکە و هەرجۆرە ڕێگریەك بەهەربیانویەك پێشێلکردنی ئەو مافەیە ، وە کاری ئازادیخوازانیشە بۆ بەرگری لەو مافەو وەستانەوە بەرانبەر هەوڵی بەیاساییکردنەوەی سەرکوتی ئازادیدا دەنگ هەڵبڕین و تواناکانمان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە یەك بخەین و کار بکەین لە پێناو جێخستنی یاسایەکدا کە ئازادی بێ قەید و شەرتی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبونەوەگشتیە کان فەراهەم بکات .لێرەوە بانگەوازی هەموو ڕێکخراو و گروپ و خەڵکانی ئازادیخوازدەکەین کەبێن لەم پێناوەدا تواناکانمان بخەینەگەر.


**تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك**

azady.aynda@gmail.com


**کوردستان** 22-4-2008